# مۆبایلێک کامێراکەی ٦٤ میگاپیکسلە




لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا هیچ شتێك نییە بە جێگری بمێنێتەوە، هەر رۆژە گۆڕانکارییەکی نوێ روو دەدا، ئەگەر سەردەمێك کامێرای مۆبایلەکەت ٨ میگاپیکسل با، ئەوە بە هێزترین کامێرا بوو، ئێستا لە ٣٢ تێپەڕیوە و بەرەو ٦٤ میگاپیکسلی رۆیشتووە.

لەم ماوەیەدا مۆبایلی جۆری realme x 2 دوو بەرهەم هات، کە کامێراکەی ٦٤ میگاپیکسلە.

مۆبایلی ناوبراو کامێرای پێشەوەی واتە کامێرای تایبەت بە سێلفی گرتنی ٣٢ میگاپیسکلە و سیستەمی خێرایی شەحن کردنەوەی لەسەرە.

شاشەی مۆبایلەکە ٦,٤ ئینجە. لە جۆری super AMOLEDیە. و بە روونی fullHD+یە. سکاینەری تایبەت بە پەنجەمۆری لەسەرەوەیە. ئەم مۆبایلە چوار کامێرای هەیە، دوو کامێرای ٢ میگاپیکسلی و کامێرایەکی ٨ میگاپیکسلی و کامێرایەکی ٦٤ میگاپیسکلی. باترییەکی بەهێزیشی لەسەرە ٤ هەزار ملی ئامپێر. لە بواری ستایلەوە دوو رەنگی شین و سپی هەیە و لە بواری کاراییەوەش دوو جۆر، یەکێکیان رامی ٦ و میمۆری ٦٤ گیگا، ئەوەی تریان رامی ٨ و میمۆری ١٢٨ گیگا. لەو مۆبایلەدا چوارچێوە زۆر کەمە و هەر هەمووی شاشەیە.

# سپیکەری زیرەکی کوالیتی دەنگی بە هێزی هەیە

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ئامازۆن چەند ئامێرێکی خۆی خستەڕوو، یەکێك لەو ئامێرانە سپیکەرێکی زیرەکە کە خۆی ئیکۆ ستۆدیۆیە. سپیکەری جۆری (Echo studio) پێچەوانەی سپیکەرەکانی پێشووی هەمان کۆمپانیا گرنگییەکی زۆری بە کوالیتی دەنگ داوە.

ئامازۆن ویستوویەتی لەم سپیکەرە زیرەکەدا تایبەتمەندی دالْبی بۆ کوالیتی دەنگ دابنێ و هەم دەنگی سێ دەوریش بڵاوبکاتەوە. لەم نێوەدا دەکەوێتە رکابەرییەکی جیدی لەگەڵ سپیکەرەکانی سۆنۆس.

لە بواری ستایلەوە هەندێك گۆڕانکاری تێدا کراوە وەك بوونی کەلێنێکی گەورە بە چوار دەوری سپیکەرەکەدا، بەڵام گرنگترین بەشی گۆڕانکاری لەناوخۆیدایە. سپیکەرەکە پێکهاتووە لە سێ سپیکەر کە پێکەوە و لەیەك کاتدا کار دەکەن، یەکێك لە چەپ و یەکێك لە راست و ئەوەی تریان لەسەرەوە. چەندین مایکیشی تێدایە بۆ ئەوەی کە لە شوێنە ژاوەژاوەکانیشدا فەرمانە دەنگییەکان وەربگرێ.



# ئەڵقە سیحرییەکە ئەرکەکان ئاسان دەکاتەوە

لە زنجیرە فیلمی پاشای ئەنگوستیلەکاندا، دەبینین هەرکەس ئەنگوستیلەکەی لەدەستدابێ دەتوانێ ئەوەی مەبەستیەتی بکا، ئەوەیان فیلمێکی خەیاڵییە.. بەڵام بەراستی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا ئەنگوستیلەی وا بەرهەم هاتوون کە زۆر ئاسانکاری دەکەن لە کاروباری رۆژانەدا و دەکرێت وەك ئەنگوستیلەی سیحری بیانناسین.

ئامازۆن ئەنگوستیلەکەی سیحری بەناوی Echo Loop بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ سیستەمی هۆشمەندی ئەلیکسا پەیوەند دەدرێ. بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکان، بەکارهێنەر ئەوەندە بەسە کە ئەڵقەکە لە زاری نزیك بکاتەوە و فەرمانەکانی رابگەیەنێ.

بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیش بەکارهێنەر دەبێت ئەنگوستیلەکە لە پەنا گوێی خۆی رابگرێ، بۆ ئەوەی کە وەڵامەکان ببیسێ. ئەم ئەنگوستیلەیە لەگەڵ هەموو ئەو ئامێرانە دەنگونجێت کە لە سیستەمی ئەلیکسا سوود وەردەگرن، وەك کوژاندنەوەی تیڤی و گلۆپەکان و ئامێرە کارەباییە زیرەکەکان.

ئەم ئەڵقەیە بۆ پەیوەندی گرتنیش سوودی لێوەردەگیرێ، ئەگەر پەیوەندییەکت بۆ هات، ئەڵقەکە دەلەرێتەوە.





# پلاکە زیرەکەکان گۆڕانکارییەکی نوێ

سەردەمی بە دیجیتالی بوونی ئامێرەکانە، سەردەمی گواستنەوەی ئینتەرنێتە بۆ کەلوپەلەکان، لە داهاتوویەکی نزیکدا بەهۆی پلاکە زیرەکەکان گۆڕانکاری نوێ لە سیستەمی ئامێرە کارەباییەکاندا روو دەدا. پێویست ناکا هەستی تەلەڤزیۆنەکە لە پلاکەوە بکوژێنەوە، یان سەلاجە و موبەریدەکە پێبکەیەوە. هەر لەسەر مۆبایلەکەی خۆت دەتوانی کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکان بکەی..

ئامێری (Echo flex) کە لەلایەن ئامازۆنەوە بەرهەم هاتووە، لە پلاکی کارەبا دەخرێ و دەکرێ هەم لەرێگای مۆبایلەوە و هەم بەدەنگی خۆت فەرمان بە هەڵبوون و کوژانەوەی ئامێرەکان بکەی.

ئەرکی ئامێرەکە هەر ئەوە نییە کۆنترۆڵی ئامێرەکان بکا، بەڵکو دەتوانێت ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە بارگاوی کردن (شحن) هەیە، بارگاویان بکا. جگەلەوەش سپیکەرێکی تایبەتی تێدایە دەتوانی لەگەڵ مۆبایلەکەی خۆت پەیوەندی بدەی.

# چۆن فیلمی سەر کاسێتەکان بخەینە سەر کۆمپیوتەر؟

فیلمی کاسێتیش چووە ناو ئەرشیفی مێژووی ئامێرەکانەوە! ڤیدیۆش هاتە ناو ریزی قەوانی گرامافۆنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم زۆربەمان فیلمی کاسێتمان ماوە. هەندێك لە فیلمەکان گرنگترین یادگارییەکانی ژیانیان تۆمار کردووە. ئەگەر هەتا ئێستا فیلمەکانت نەگۆڕین بۆ DVD یان نەتهێناوەتە سەر کۆمپیوتەر و بە دیجیتالیت نەکردوون، ئێستا هەنگاو بنێ..

بۆ ئەوەی کاسێتەکان بگۆڕی بۆ دیجیتالی دەبێ لەسەرەتادا چاوێکیان پێدابخشێنیەوە، بزانە لە کوێ پچڕانی و تێکچوونی هەیە، ئەوانە بە تێپ چاك بکەوە، پاشان ئەگەر هەست بەوە دەکەی کەڕووی هێناوە، دەستی پێدابێنە و کەڕووەکەی لێبکەوە.. پاشان ئەم هەنگاوانە بگرە بەر.





پێویستە پێش هەموو شتێك ئامێرێکی ڤیدیۆ کاسێتت هەبێ بۆ ئەوەی کاسێتەکەی پێ لێبدەی، پاشان کێبڵێکی تایبەت بە گۆڕینی کاسێتەکان لە ڤیدیۆکاسێتەکە و کۆمپیوتەرەکە دابنێی. دواتر پرۆگرامێکی تایبەت بە گۆڕینی فیلمی کاسێت بۆ دیجیتالی لەسەر کۆمپیوتەر دابەزێنی و بەهۆیەوە فیلمەکانی سەر کاسێتەکە دەگوازرێنەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر..

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت خەریکی دروستکردنی فایلێکی پاوەرپۆینت بووم، لەناکاو کارەبا ڕۆیشتوو و کۆمپیوتەرەکەم کوژایەوە، فایلەکەشم خەزن (save) نەکردبوو، ئایا ڕێگاچارەیەك هەیە بۆ گەڕاندنەوەی فایلە خەزن نەکراوەکانی پاوەرپۆینت؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ڕێگا چارە بۆ هەموو کێشەیەك هەیە، چۆنییەتی گەڕاندنەوەی فایلی خەزن نەکراوی پاوەرپۆینت لە زۆربەی ئۆفیسەکاندا وەك یەکە. کە پاوەرپۆینت کردەوە بچۆ سەر بەشی file و دواتر کلیك لەسەر options بکە، بچۆ بۆ سەر بەشی save و ئەو ناونیشانەی لە بەشی AutoRecover File Location نووسراوە کۆپی بکە، لە بەشی file explorer پێستی بکە و تۆ دەچیە سەر بەشی ئەو فایلانەی کە خەزن نەکراون، لەودا فایلی پاوەرپۆینت بدۆزەوە و بەڵام بە پرۆگرامی پاوەرپۆینتیش بیکەوە، چونکە فایلەکە وەك فایلێکی نامۆ نیشان دەدرێ..




## پرۆگرامێک بۆ سکانکردنی دەق

پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە سکانکردن واتە لەبەرگرتنەوە، کرداری سکان کردن یانی گۆڕینی دۆکیۆمێنێت و بەڵگەیەك لە کاغەزەوە بۆ دیجیتالی..

بۆ سکانکردن پێویستت بە ئامێرێکە کە پێدەگوترێت سکانێر، ئەگەر بتەوێ بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە سکان بکەی و پاشان بەڵگە سکانکراوەکە جارێکی دیکە بکەیەوە بە دەق، پێویستە پرۆگرامی paperScan بکار بێنی. ئەم پرۆگرامە لە ریزی پێشکەوتووترین پرۆگرامەکانی سکانی دەق و وێنە دێت.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:

- سکان کردنی بەڵگە و کردنی بە PDF
- ئۆتۆماتیکی چاکردنی وێنە لارە سکانکراوەکان. (زۆر جار وێنەکان بە لاری سکان دەکرێن).
- ڕێکخستنی تەواوی بابەتە سکانکراوەکان بەیەك بەش.
- دانانی لۆگۆ یا دەقێك بۆ دەستکاری نەکران لەسەر هەموو سکانەکان.
- توانای گۆڕینی فۆرماتەکانی وێنە سکانکراوەکان.
- بوونی سیستەمی OCR بۆ گۆڕینی دەقە بەڵگەییەکان بە دەقێك کە دەستکاری بکرێ.
- جیاکردنەوەی دەق لە وێنە و هەرکام بە جیا سکان کردن.



## کۆداک

فرۆکەی بچووکی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە (کۆداکۆپتەر) لەم دواییەدا گۆڕانکارییەکی زۆری لە جیهانی فیلم هەڵگرتنەوە و سینەمادا پێکهێنا، بە جۆرێك تێچوویەکی زۆری لەکاروباری سینەمادا گێڕایەوە. جگە لەوەش چونکە دەفڕێت لە زۆر شوێنی ئەستەم کە پێشووتر نەدەکرا فیلم هەڵبگیرێتەوە، فیلم هەڵدەگرێتەوە..



## کامێرایەکی زۆر بچووک بۆ فیلم هەڵگرتنەوە

کامێرا دیجیتالییەکان ئەوانەی قەبارەیان بچووکە، زۆرتر بۆ وێنەگرتن دەبن تا فیلم هەڵگرتنەوە، یان مەودای فیلم هەڵگرتنەوەیان کەمە، دە خولەك یان نیوکاتژمێر..

لەم ماوەیەدا کۆمپانیەکی بەریتانی کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوەی بە کێشی تەنیا ١٢٠ گرام بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بە فیلم هەڵگرتنەوە و دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر فیلمی پێهەڵبگریەوە.

کامێرا تایبەتەکە کە بە Ghost XL ناسراوە، دژە تەربوونە و هەربۆیە دەکرێت لە قوڵایی ئاویشدا فیلم هەڵبگریەوە. لە کامێرای ناوبراودا لێنزێك هەیە کە دەکرێت بە دەوری خۆیدا بسووڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ دیمەنە جوڵاوەکان بگونجێ.

بەهۆی ئەوەی کە کامێراکە زۆر بچووکە هیچ شاشەیەکی نییە و تەنیا لە ڕێگای ئاپێکی تایبەتەوە کە لە مۆبایل دادەبەزێندرێ دەکرێت کۆنترۆڵی فیلم هەڵگرتنەوەکە بکەی. کامێراکە لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئایفۆن دەگونجێت.

روونی فیلمە تۆمارکراوەکان HDیە و خێراییان ٣٠ فریمە لە چرکەیەکدا. ڕاستە کامێراکە تایبەتە بە فیلم هەڵگرتنەوە بەڵام دەکرێت وێنەشی بە کوالیتی ١٢ میگاپیسکل پێبگری. هەتا ٩ کاتژمێر فیلم هەڵگرتنەوە شەحنی دانابەزێت.



## ـــــــۆپتەرێک بە شەش کامێراوە

کۆمپانیای Skydio نوێترین فڕۆکەی بچووکی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە بەناوی skydio2 بەرهەم هێنا. فڕۆکەیەك کە ئۆتۆماتیکی بە دوای دیمەنی جوڵاودا دەگەڕێ. بۆ نموونە کاتێك کۆداکۆپتەرەکە لەسەر دیمەنی ئاسکێك کە را دەکات رێك دەخەی، ئەو بە دوای دیمەنە جوڵاوەکەدا را دەکات و فیلمی لێهەڵدەگرێتەوە.

ئەم فڕۆکە بچووکە خاوەنی چوار کامێرای 4Kیە. ۳,٥ نیو دەتوانی لە ئاسماندا بفڕێ و شەحنی تا ۲۳ خولەك دانابەزێت.

جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئەو کۆداکۆپتەرە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە کە لەکاتی فڕیندا زۆر زیرەکانە و بە ئارامی لەو شوێنەی بۆی دانراوە فیلم هەڵدەگرێتەوە و بێ وەستان و بێ جوڵە و لەرزین.



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ستیکەر

ستیکەر (stickers) بەم وێنانە دەگوترێت کە هێمان بۆ دەربڕینی شتێك و وێنەکان کارتۆنین، وێنە ستیکەرەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەبری هێمای دەربڕینی مەبەستێك بەکار دەهێنرێن. بۆ دروستکردنی وێنەی ستیکەر گەلێك ماڵپەڕ هەن کە زۆربەیان بۆ سوود وەرگرتن لێیان بە خۆڕایی نین.

ماڵپەڕی crello.com تایبەتە بە دروستکردنی وێنەی ستیکەر، خۆی زیاتر لە بیست و پێنج هەزار وێنەی ستیکەری تێدایە، بە ئاسانی دەتوانی هەر وێنەیەك بکەی بە وێنەی سیکتەر.. بەڵام دەبێ هەژمارێك لە ماڵپەڕەکەدا بۆخۆت بکەیەوە.

